وەزارەتی پەیوەندییەکان ڕەتیدەکاتەوە کاژێرەکانی بەربەیان خزمەتگوزاری ئینتەرنێت ببڕێت

ئەمڕۆ هەینی، وەزارەتی پەیوەندییەکان ڕەتیکردەوە کە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت ڕۆژانە لە نیوەی شەوەوە تا کاتژمێر 6:00ی بەیانی ببڕدرێت.

بەیاننامەیەکی وەزارەت، کەدەستی موتەبع کەوتووە، تەیدا هاتووە، "ئەوەی لە پلاتفۆرمی میدیایی و سۆشیال میدیادا بڵاودەبێتەوە سەبارەت بە پچڕانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی ڕۆژانە لە نیوەی شەوەوە تا کاتژمێر 6:00ی بەیانی هەواڵێکی جێی متمانە نییە و بە بنەمایە".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، وەزارەتەکە داوای لە هاووڵاتیان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سەرجەم پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا کردووە "دروستی و بەرپرسیارێتی لە گەیاندنی زانیاریدا بەکاربێنن و پێش بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێک ئاماژە بە سەرچاوە ئەسڵیەکانی و کەناڵە فەرمییەکان و لاپەڕە ئەلیکترۆنیەکانی وەزارەت بکەن، ئەمەش بەمەبەستی پاراستنی متمانە و ڕێگریکردن لە زانیاری هەڵە".